# دەربارەی ووتارەکەی خاتوو ناسک ئەحمەد

**خالید مەجید فەرەج**

خاتو ناسک ئەحمەد لە ووتارێکیدا ،کە لەژێر ناونیشانی (دواین مەسخەرەی سەرەک بۆش باسی مافی ژنانە) نووسیویەتی، دەفەرموێ : سالآنێکی زوو سەرمایەدارانی ئەمەریکا ،کەدەکاتە 8 مارسی 1910 قەتلوعامی ژنانە کرێکارو زەحمەتکێشەکانی ئەمەریکایان کردووە، لەبەر ئەوە سەرەک بۆش مافی ئەوەی نیە ،کە مانگی مارس وەک مانگی مێژووی ژنان کە گوزارش لەو یادە دەکا رابگەیێنێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە بەرێز ناسک نایەوەێ لە گەورەترین قەلآی سەرمایەداریدا کەوەکو خۆیان ئەفەرموون ئاهەنگ و مەراسیمی ئەو یادە بکرێتەوە، لەوە دەچێ ئەوە بەژنانی ئەمەریکا بلێ: راوەستن تاوەکو کومۆنیزم هەموو دونیا دەتەنێ بە ئەمەریکاشەوە، ئەو کاتە خۆمان جوانترین و قەشەنگ ترین ئاهەنگتان بۆ دەگێرین. ئەوەی ئەو بەرێزە لێی بێ ئاگایە ئەوەیە کە هۆی گرنگی دان بەو رۆژە، لەلایەن سەرەک بۆش و سەرانی تری پێش ئەوو ئەوانەی دوای ئەویش دێن دەگەرێتەوە بۆ خەباتی نەپساوەی ژنان لە دونیا،و بەتایبەتی ژنانی ئەمەریکا ، لەسایەی سیستمێکی لیبرالدا، دا کە ئازادی بیرو رادەربرین تیایا بە پێی دەستوور بۆ گشت فەراهەم کراوە،و پەروەردە بوونیان لەسەر عەقلّیەتێکی دیموکراسی ، و رێزگر لەرای بەرانبەر، وای لێکردوون پاساو بۆرابووردویەکیان نەهێننەوە گەر چی مایەی شەرمە زاریش بێ و ئازایانە باسی بکەن، بەلّکو وەکو خالّێکی دەسپێک ،بۆ کارکردن بۆ نەهێشتنی ئەوبارودۆخانەی کە ئەو رووداوەی تیا رووی داوە سوودی لێوەربگرن. لەوانە باشتر کردنی گوزەرانی کرێکاران، بەکەم کردنەوەی کاتی ئیش بۆ هەشت کاتژمێر لە رۆژێکدا ،و دوو رۆژ پشوو لە هەفتەیەکا،و یەکسانکردنی ژن و پیاو لەمافەکەنیاندا ،بە هۆی ئەو یاسا پێشکەوتو خوازانەی کە لەو کۆمەلّگاسەرمایە داریانەدا بەخەباتی پیاوو ژنی ئەو وولآتە هاتۆتە کایەوە ، ئەوانەش هەمووی دەگەرێنەوە بۆ دوور کەوتنەوە لە موقەدەس کردنی ئایدولوجیا و پاوان کردنی دەسەلآت لە لایەن حیزبی پێشرەوو سەرکردەی مەزنەوە، لەژێر هەر پەردەو ئیدیعایەک دا بێت. ئەو خالّەی تر کە سەرنجی راکێشام لە باسەکەدا ئەوەیە کە دەلّێ: (هێرشەکەی ئەمەریکا بنەما ئابووری و کۆمەلآیەتیەکانی عێراقی تێک دا )ئەم قسانە ئەگەر ژنێک یان پیاوێکی سەلەفی یان ناسیونالیستی عەرەب بیکردنایە دەمانگووت ناهەقی نیە چوونکە مێشکی بە سەرخانێکی ئایدولوجی و فیکری وا گۆش کراوە وادەزانێ ئەوەی بەرانبەر ئەمەریکا وەستایەوە ئەوە لە ئەولیای خودای سالّحینەو کۆمەک کردنیشی لەسەر هەموو موسلمانێک فەرزە. بەلآم ئەو قسەیە لەدەمی کەسێکەوە بکەوێتە خوارەوە کە سەرەرای ئەوەی عەرەب نیە سەر بە بیر کردنەوەیەکیشە کە بەحساب دەبێ سەدو هەشتا دەرەجە لەگەلّ بۆچوونی ناسیونالیستی خۆشکراو بە ئیسلامی توندرەو فەرقیان هەبێ، بەلآم نەک هەر جیاوازیان نیە، بەلّکو لەگەلّ یەکتری لە پێشبرکێدان بۆ هاو ئاهەنگکردنی هەلّوێست و گووتاریان، لەپێناوی داکۆکی کردن لە (دیکتاتوری وەتەنی) بەرانبەر بە هێزی ئیحتیلال! دەمەوێ بە ژمارە هەندێ لایەنی بنەما ئابووری و کۆمەلآیەتیەکانی عێراق لە سایەی (حوکمی وەتەنی)دا بۆ ناسکە خان وخوێنەری ئازیز روون بکەمەوە، تاوەکو بزانین ئایا سیتمی حوکمی بنەمالّەی سەدام داخۆ هیچی بۆ ئەمەریکا هێشتبۆوە تاوەکو دلّی خۆشبێ و کاولی کا.

- بەتەنها شەری عێراق ئێران نزیکەی300،000 هەزار عێراقی کوژراوی لەگەلّ خۆی بردوو لەو ژمارەیە زیاتریش ئینسانی سەقەت. - سەرفیات لە بواری عەسکەرتاریەتدا لە عێراق لە نێوان سالّەکانی 1968 تاوەکو 1990 واتا لە هاتنی رژێمی بەعسەوە198 ملیار دۆلار بوو لەکاتێکدا کە هەمووداهاتی نەوتی عێراق هەر لەو ماوەیەدا 192 ملیار دۆلاری تێپەر نەکردوە،ئایا بەرێزناسکە خان پێمان نالێ گەلانی عێراق ئەو ماوەیە چییان خواردووە؟
- خەسارەتی عێراق بە هۆی سیاسەتە شەرەنگێزەکانی سەدامەوە تاوەکو سالّی 1992 500 ملیار دۆلار بووە.

- دەزگای سەر بازی لەنێوان 1950 تاوەکو 1980 14 ئەوەندە(قات) زیادی کردوە ئەمە لەکاتێکدا کە قەوارەی دانیشتوانی ئەو وولآتە، هەر لەو ماوەیەدا تەنها 3 ئەوەندە(قات) زیادی کردووە لە هەندێ حالّەتدا هەر لە رێژەی هەزار عێراقی 60 یان سەربازبوون کە ئەوە بەرزترین رادەبوو لە هەموو دونیادا.ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە دەولّەتی عێراقی هەر لەبنەرەتەوە دەولّەتێکی عەسکەرتاری بووە و حوکمی مەدەنی قەت بەخۆوە نەبینیوە؟ لەبەر ئەوە بۆ روخانی بەدەستی شەیتانیش بێ شایەنی دلّۆپێک فرمێسک نیە
- سەرژمێری سەربازە عێراقیەکان یەکسان بوو، بەسەرژمێری هەموو ئەو چینەی کە کرێکار بوون ،و سەدام بە بریارێکی قەرەقوشی کردنی بە فەرمانبەر .دیاریشە بەخێو کردن ،و پرچەک کردنی ئەو سووپا بێ شومارە ،چەندی لە پارەی داهاتی نەوت ، کە دەبوایە برژایەتە کەنالّەکانی ئاوەدانکردنەوە خواردووە، و خوێندن و تەندروستی و پێشخستنی سەنعەت ،و پشەسازکردنی کشتوکالّ، وپێگەیاندن و پێشخستنی دامەزراوەکانی گۆمەلّگای مەدەنی.

- ئەو سیتمەی کە ئێوەو سەلەفیەکان بەداخن بۆ نەمانی بەدەستی ئیمپریالیزمی کافر! بووبە هۆی تێکدانی هەموو بنەما مرۆییەجوانەکان لەوانە تێک شکاندنی شیرازەی خێزان ،کە بە بڕبڕەی کۆمەڵگا دادەنرێ، کاتێک کۆمەڵێ یاسای سەیرو سەمەرەی دەرکرد، هەرلەوانە ژن بۆی هەیە تەلاقی خۆی لەمێردە راکردووەکەی ،لەبەرەکانی جەنگە نارەواکانی حەزرەتی دیکتاتور وەرگرێ ، هەر لەو یاسایانە هەر ئەفسەرێک بێپرسی دەزگائەمنیەکان ،حەز لە کچێک بکاو بیکاتە خێزانی خۆی ئەگەر رەزامەندی ئەو دەزگایانەی بۆ وەرنەگیرا، دەبێ دەست بەجێ تەلاقی بدا ، هەر لەو یاسایانە ئەوەی ژنەکەی فەیلی بوو، خۆیان دەهێشتەوەو ژن و منالە ووردەکانیشیان ئاواری سەر مەرزە پڕ لە مینەکان ئەکرد.

- هەر بەپێی تەوجیهاتەکانی دیکتاتور بۆ دەزگا ئەمنیەکان هەبوو دەستدرێژی نامووس بۆ سەر ژنان بکەن لە پێناوی وەرگرتنی ئیعتراف لەسەر مێردەکانیان یان براکانیان یان لەسەر خۆیان، هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەو رژێمەی کە ئەمەریکا رووخاندی بۆی هەبوو مندالی شیرە خۆرە لە دایکەکەی داببڕێ، تاوەکو مردنی منالەکە لەبرسا، یان داننانی دایکی بەهەرتۆمەتێک ،کە کردوویەتی وەیان نەیکردووەو دراوەتە پالی .
- خاتوو ناسکە کاتێک باس لە 180000 ئینسانی عێراقی ئەکا کەگوایە بەدەست ئەمەریکیەکان کوژراوون(ئەوەش موبالەغەیەکی ئاشکرایە)، دیارە سەچاوەکانیشی دەزگا راگەیاندنەکانی وولاتەعەربیەکان وەیان چەپی ئەوروپی (کە رۆژێک رێپێوانیان بۆ ئەو مالوێرانیانە نەکرد کە سەدام بەسەر عێراقیەکاندا هێنابووی بەلام بۆ بەرگە گرتن لە رووخانی رۆژانە لەسەر جادەکان بوون) زیاتر نیە. بەلام باس لە تێکدانی هەموو بنەما ئابووری و مرۆییەکانی کوردستان ناکا کە بەدرێژایی 40 سال زیاتر لە حوکمی بەعەس لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی لە سالی 1963 بەدواوە هەموو ئاواییەکانی کوردوستانیان خاپور کرد، و پتر لە نیو ملیون کوردیان کوشتوو ئەوەندەشیان ئاوەرەی ناو خۆی وولات و هەندەران کرد. لە باشووری عێراقیش بە هەمان شێوە قەتلوعامی شیعەکان بەردەوام بوو تەنانەت ئەو زۆنگاوانەی کە لە سەرەتای مێژووەوە لەو ناوچەیەن، ووشکی کردنەوەو خەلکەکەی لە کۆمەلگای زۆرەملی دا حەشر کرد.
- دیارە بەرێز ناسکە ئاگاداری ئەوە نیە کە فیداییەکانی عودەی لەسەر جادەو شوێنە گشتیەکان ژنیان بەشمشێر سەردەبڕی و تۆمەتی ئەخلاقیان ئەدانەپال.
- لەدوای درووست کردنی ناوچەی ئارام لەلایەن سەرمایەدارانەوەبۆ کورد ،هەموو ژێرخانی کوردستان ئاوەدان کرانەوە، کشتوکال و ئاژەل داری ،لەجاران باشترو رێکو پێکتر گەشەی سەندەوە، هەر لە ناوچەی سلێمانی ژمارەی دکتۆرەکان لە دوای ئەوەی لە سایەی 70 سال حوکمی وەتەنی دا لە 178 دکتور زیاتر نەبوون، لە ماوەی حوکمرانی کورد خۆیدا ژمارەیان گەیشتنە 1125 دکتور، چەند زانکۆیەک لە کوردستان کرانەوە ژمارەی قوتابخانەکان لەسایەی حکومەتی مەرکەزیدا 404 ساوایان و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بوون دوای نەمانی ئەو حوکمە تەنها لە ناوچەی سلێمانی ژمارەیان گەیشتە 1980 قوتابخانە. بێ گومان لە ناوچەی هەولێریش هەمان شێوە، بە روخاندنی یەکجارەکی رژێمی حوکمی سەدام حوسەین هەموو ناوچەی زەنگاوەکانی باشووری عێراقی پرلەئاووئاوەدان بوونەوە.
- بەرێزم ئێمە حەفتا سال زیاترە لەسایەی ئیحتیلالی ناوخۆدا دەژین، و بەژمارەش دیارە ،چیمان دەستکەوتووە. وراستە ئەمەریکا لەبەر چاوی رەشی ئێمە نەهاتۆتە ناوچەکە، بەلام هەر بەژمارەش دیارە کە ئایا بۆ ئێمەی کورد لانی کەم، ئیحتیلالی ئەمەریکی باشترە یان هی عەرەبی ؟
کۆنە بەعسی و سەلەفیەکان دەلێن ئێمە برای دینین هەر ئێمە باشترین ، نازانم ئێوە دەلێن چی داکۆکی لەئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانمان بکەین ؟ یان لەگەل فەلوجەیی و تکریتیەکانا دەست لە دەست و قووەت لەخوا پەلاماری هێزەکانی ئەمەریکا بدەین لەبەر ئەوەی ئەوانە وەتەنی و دژی داگیرکەرن و ئەمانیش وولاتێکی سەرمایەداری بە قەولی ئێوە،و کافریش بەقەولی زەرقاوی.

.